بەرەو کۆمەڵگەیەکی
دیموکرات و نوێخواز

# بانگەشەی گۆڕان

یەکەمین بڵاوکراوەی ئەهلی ئازادە لە مێژووی خورماتوودا




ژمارە (8)    8/ 4/2007

بڵاوکراوەیەکی گشتی ئازادە دوو هەفتە جارێك لە خورماتوو دەردەچێت

# ئەنفال نەخشەی لە ناوبردنی نەتەوە

## نیگا





جینۆساید تاوانێکی دڕندانەیە لەدژی مرۆڤایەتی , وەکو تاوانێکی نێونەتەوەیی لە یاسای نێو دەوڵەتاندا بەمانای فەوتاندنی بەشێك یا سەرجەم کۆمەڵە مرۆڤێکی دیاری کراوە ، یەکەمجار لە ساڵی (1933) (ڕافیل لیمکین) لە کۆنفرانسێکدا لە (مەدرید) ئەم وشەیە بەکار هێناوە لە ساڵی (1944) بەنوسین تۆماری کردووە و بەواتای فەوتاندن و لە نابەردنی "ڕەگەز"دێت . جینۆ ساید تاوانێکە بەپلان و نەخشەی جۆراوجۆر و درێژخایەن ئەنجام دەدرێت هەر وەکو زنجیرە هێرشەکانی (سوپای)ئێراق لە بەهاری (1988) دەستی پێکرد و بە (هەشت)قۆناغ لە پایزی هەمانساڵدا بە کۆتا هات ، ئەم زنجیرە هێرشە بە بەرنامەی (سەربازی، هەمەهەنگی ، ئابوری ، یاسایی حکومی) ئەنجام درا کە چەکی کیمیای و فسفۆریش تێدا بەکار هێنرا . کەواتا ، جینۆساید لە پڕدا ئەنجام نادرێت ، بەڵکو بەسیاسەت و پلان و ئامانجی جۆر بەجۆر و دورئەنجام دەدرێت ، بەهەمان شیوەش بە ئەنفالیش پێشتر نەخشەی بۆ کێشرابوو بۆ قڕکردنی بەشێکی نەتەوەی کورد و وێرانکردنی نیشتیمانەکەی بەوێرانکردنی سەرجەم بنەمای کەلتوری و ئاوبوری و تێکدان و شێواندنی ژیانی ئاسایی خەڵك تاکو لە دۆخی مردن و لە ناوچونی لەسەر خۆ بمێننەوە . یەکێك لەو کارانەش دروسکردنی ئۆردوگای تایبەت بۆ کۆکردنەوەی گیراوەکان ، دواجار فەوتاندنیان کۆمەڵ بەکۆمەڵ و بەشێوازی جیا جیا . حکومەتی ئێراق سیستەمی بەکارهێنانی جاشە کوردەکانی دژی کوردی هاوزمان بە تایبەتی لەکاتی ئەنفالدا جگەلەوەی پارەی پێدەدا سەرپشکی کردبوو لە تاڵان و وێرانکردنیش جینۆساید جۆری هەیە لە وانە :

أ / جەستەیی : لە هێرشەکانی ئەنفالدا بەتاك و کۆ کوشتنی مرۆڤ سیاسەتی دڕندانە و ئاشکرا و بێ وێنە بوو ، مردنی خەڵکەکە و سوکایەتی پێکردنیان ڕۆژانە بوبوە ڕوداو و شتێکی ئاسایی .

ب / بیولۆژی : بەترسناکترین چەکی کۆکوژ و کوشندەی بەکار هێنا کە ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی کوشتنی مرۆڤ و هەموو زیندەوەرێك ، ئاو و هەوا ژەهراوی دەکات .

ج / کەلتوری : کۆمەڵی کوردەواری شێوازی تایبەتی خۆی هەیە سەرجەم پەیوەندی کۆمەڵایەتی دەرئەنجامی تایبەت مەندییە کۆمەڵایەتێکانن ، بە ڕاگواستنی خەڵکەکە دەبێتە هۆی لەناوچون و فەوتاندنی کەلتوری نەتەوەی کورد (جل و بەرگ ، شێوازی بینا ، مزگەوت ، جۆرەکانی گۆرانی و پەند ، ...) .

د / ئابوری : وەك دەزانین ئابوری بڕبڕەی ژیانی مرۆڤە ، لە هێرشەکاندا تاڵانکردنی دێهاتەکان و وێرانکردنی سەرچاوە ئابوریەکان بەرجەستە ببون ، بەرنامەی تایبەتی خۆی هەبوو ، حکومەت بەفەرمی خۆراك و پێداویستیەکانی مرۆڤی قەدەغە کردبوو لە شارەوە بۆ دێهاتەکان ، برسیکردنی خەڵکی و بڵاوبونەوەی نەخۆشی ڕەنگی دابوەوە . کەواتا ئەنفال و هێرشەکانی بریتییە لە فەوتاندن و کوشتنی ڕاستەوخۆ کە بوەهۆی لەناوادانی (182)هەزار کوردی بێتاوان ، پێویستە سەرکردایەتی کورد هەوڵ بدات زەمینەی یاسایی چارەسەر کردنی کێشەی کورد و قەرەبوو کردنەوەی زیانەکانی نەتەوە بگرێتە بەر ، تەنها بەسێدارە دانی چەند کەسێك تەواو نەبێت بەڵکو سەرجەم ئەوانەی بەژداری ئەو پرۆسەیەیان کردووە سزا بدرێن بە توندترین شێوە ، ئەنفالیش بچێتە ڕیزی جینۆسایدەوە و بکرێتە ڕۆژێکی فەرمی و ناساندنی لەسەر ئاستی جیهانی.

## ئەمساڵ ئەنجومەنی پارێزگاکان هەڵدەبژێردرێنەوە

بڕیارە ئەمساڵ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لەسەرتاسەری ئێراقدا ئەنجامبدرێت.

بۆ ئەو مەبەستە، وەفدێکی نوسینگەی هەڵبژاردنی ڕێکخراوی یونامی بەسەرۆکایەتی (پیتەرمان) و (کاتی گرین) لێپرسراوی کاروباری هەڵبژاردن لەرێکخراوی یونامی سەردانی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی کردو لەلایەن فەلاح مستەفا لێپرسراوی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێم پێشوازیی کران. لە دیدارەکەدا باس لە بایەخی پرۆسەی هەڵبژاردن بەگشتی و لەسەر ئاستی ئەنجومەنی پارێزگاکان بەتایبەتی کرا، بۆ ئەوەش میکانزمی تۆکمە بۆ بەئەنجام گەیاندن و ڕێکخستنی ئەو پرۆسەیە گفتوگۆی لە بارەوە کرا، بەتایبەتی لەرووی ڕێکخستنی تۆماری دەنگدەران و بنکەکانی دەنگدان و چاودێری هەڵبژاردن و دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکان لە فۆرمی هەڵبژاردن و سندوقەکانی دەنگدان بۆ ئەوەی پرۆسەکە بەباشترین شێوە بەڕێوەبچێت.




## دژایەتی و تەڵەکە بازی




سەر چاوەیەك کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکات بە (بانگەشەی گۆڕانی) ڕاگەیاند ، لقی داقوقی (دەستەی چارەسەر کردنی کێشەی موڵك داری) ، لە هەفتەی ڕابردوو لە لایەن بەرپرسێکی بوێری حیزبێکی کوردییەوە داخرا ، چونکە فەرمانگەی ناوبراو بەڕێوەبەرەکەیان کرا بە قازی لەحکومەتی ناوەندەوە ، ئەنجومەنی شارەوانی (داقوق) بە کۆی دەنگ بڕیاریاندا لەسەر پاڵاوتنی پارێزەر (سالم سەباح داودی) لە ڕێگەی پارێزگای کەرکوکەوە بەنوسراوی فەرمی نێردرا بۆ بەغدا ، بەڵام لە بەغدادەوە یەکێکی تریان بەناو (فراس)ە وە بەنوسراوی فەرمی دانا بە وەکالەت تاکو نوسراوی تریان بۆ بێت . ئەمەش فێڵ و تەڵەکە بازییەکە بۆ دژایەتی (140).

## حکومەتی ئێراق بڕیاریدا ناسنامەی کوردە فەیلیەکان بگێڕێتەوە

دوابەدوای هەوڵی زۆری سامیە عەزیز ئەندامی ئەنجومەنی نیشتیمانی ئێراق و د. بەرهەم جێگری سەرۆك وەزیرانی ئێراق ئەمرۆ وەزارەتی ناوخۆی ئێراق بەرەسمی بریاریدا ناسنامەی ئێراقی بگەرینێتەوە بۆ هەموو ئەو کوردە فەیلیانەی پیشتر لەچوارچێوەی سیاسەتی پاکتاوی رەگەزی ناسنامەی ئیراقیان لێسەندرابۆوە.

بەپیی فەرمانی وەزارەتی ناوخۆ لە رۆژی 3/29وە هەرچی ناوی خۆی یان کەسوکاری لە تۆماری ساڵی 1957 دا هاتووە دەتوانیت داوای گێرانەوەی ناسنامەکەی بکات بەئامادەبوونی سێی شایەت، لەکاتیکدا پیشتر دەبوو دوو شایەت و دەمراست یان شێخی عەشیرەت یان هۆز ئامادەبوایە بەڵام ئەم برگەیە لادراوە. سامیە عەزیز ئەندامی ئەنجومەنی نیشتیمانی ئیراق و نوێنەری فەیلیەکان لەنێو لیستی هاوپەیمانی کوردستان سوپاسی هەموو ئەوکەسانەشی کرد کە بەشداریان لە هەوڵی گێرانەوی ناسنامەی کوردە فەیلیەکاندا کردووە بەتایبەتیش د. بەرهەم بەوپییەی راستەوخۆ پەیوەندی کردووە بەلایەنە پەیوەندیدارەکان.لەلایەکی دیکە بریارە 2007/4/7 دامەزراوەی شەفەق و ماڵی کوردی لەژێر ناونیشانی " کەی مافی کوردانی فەیلی دەگەریتەوە " لەشاری بەغدا کۆنگرەی سێیەمی یادکردنەوەی تراژیدیای راگویزان و نەفی کردنی کوردی فەیلی سازبکەن، بەگوتەی سامییە عەزیز کۆنگرەکە بۆ دەرخستنی راستی تراژیدیای کورانی فەیلیە. لەساڵی 1980 کوردانی فەیلی بەبریاریکی حزبی بەعس ناسنامەی ئێراقیان لی سەندرایەوەو تۆمەتبارکران بەوەی ئیرانیین و پێویستە لە ئیراق دەربکرین بەڵام لەدوای روخانی رژیمی بەعس ئەو بریارە هەڵوەشینرایەوە، سامییە عەزیز یەکیکە لەوانەی بەهۆی سیاسەتی پاکتاوی رەگەزی ناسنامەی لێسەندراوەتەوە.

## د.بەرهەم ساڵح: پێدادەگرین بۆ ئەوەی ماددەی (140) جێبەجێ بکرێ

دکتۆر بەرهەم ساڵح جێگری سەرۆك وەزیرانی عیراق رایگەیاند: ئێمە پێدادەگرین بۆ ئەوەی ماددەی 140 جێبەجێبکەین، بەڵام لە پلەی یەکەمدا پێویستی بەوە هەیە، کە ئێمە رێگا یاساییەکان بگرینە بەرو لە چوارچێوەی دەستور دەرنەچین و بەکارهێنانی شێوازی دبلۆماسی هێمنانە زامنی دابینکردنی ئاواتەکانمان دەبێت.ئەم وتانەی دکتۆر بەرهەم لە میانی دیدارێکی فراواندا هات لە 4/4 لەگەڵ بەرپرسە کوردەکان لە بەغدا و سەرجەم لێپرسراوانی حزبی و حکومی ئەو ناوچە کوردیانەی کە لە کوردستان دابڕاون، ئەنجامیدا. لەو دیدارەدا جێگری سەرۆك وەزیران ئەو زوڵمە مێژوویەی بەبیر ئامادەبووان هێنایەوە، کە خەڵکی کەرکوك و ناوچەکانی دی، کە نەك هەر دووچاری پاکتاوی رەگەزی هاتوون، بەڵکو لە هەمانکاتیشدا بێ بەشبوون لە پرۆژە خزمەتگوزاریەکان، بۆیە ئەو ناوچانە بە ناوچەی لێقەوماوو چەوساندنەوەی دوولایەنی ناسرابوون. دکتۆر بەرهەم ئاماژەی بەوەشدا، کە دوای بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران، جێبەجێکردنی بڕیارەکە ئاستەنگی زۆرە و کارێکی ئاسان نیە، چونکە رووبەرووی چەندین کۆسپێ سیاسی و کارگێڕی دەبێتەوە، بۆیە هاودەنگی و یەك هەڵوێستی کورد بە تایبەتی لەو ناوچانە دوور لە پێشبڕکێی حزبایەتی و موزایدە لەسەر یەك کردن، پێویستیەکی گرنگە، بە پێچەوانەوە ئەو ناوچانە تەحەمولی ئەم جۆرە کارانە ناکەن. دکتۆر بەرهەم وتیشی: ئێمە پێدادەگرین بۆ ئەوەی ماددەی 140 جێبەجێبکەین، بەڵام لە پلەی یەکەمدا پێویستی بەوە هەیە، کە ئێمە رێگا یاساییەکان بگرینە بەرو لە چوارچێوەی دەستور دەرنەچین.